کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
8-10-2007 2:10بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## حکومەتی بێ تفەنگ ... یوسف مەنتک

هاوولاتیان ئامادەن لە کاتی پێویست بەمالو ڕۆح قوربانی پێشکەش بەحکومەت بکەن، ئەرکی حکومەتە خزمەت گوزاری و پێداویستیەکانی ژیانوکاردابین بکات بۆ هاوولاتیان وئەمن وئاسایشی ژیان ومالیان بپارێزێ تا لە ژێر سایەی سەروەری یاسادا ئاسوودە بژین.



لە کاتی هەلبژاردنەکان و ئەوکاتانەی حکومەت وپارتەکان پێویستیان بە هاوولاتیان دەبێت، هەر لا یەنەو بەرنامەی خۆی ڕادەگەێنێ وکۆمەلێک پەیمان و بەلێن دەدەن لە کێ بەرکێی هەلبژاردنەکان دا، بەلام دوای تەواو بونی هەلبژاردن ودەست بەکار بوونیان، بەجێ گەیاندنی بەلێنەکان و بەرنامەکەیان خاوی تێ دەکەوێت وسەدا هەشتای جێ بەجێ ناکرێت.
لە هەمووی سەرنج ڕاکێشتر ئەوەیە خەلکی لەبەر بێ کاری وناچاری دەچن لە هێزە چەکدارەکانی حکومەت ئاسایش وپۆلیسوپێشمەرگایەتی دادەمەزرێن ودەست بەکار دەبن، کەچی دەبێ تفەنگ لەسەر حسابی خۆیان بکڕن، باری ژیان وگوزەرانی مرۆڤەکە گرانتر دەکەن، گەنجەکانمان ئەگەر خاوەن کارو هەبوون بن ئەواخەونەکانیان دەهێننەدی، زۆربەیانزەحمەتەلەم سەردەمەدا ئەم ڕێگایە هەلبژێرن، لەکاتێکدا دەبینین چەندین سەرچاوەی داهاتی کوردستان وپرۆژەکان و لە سەدا 17ی ئێراق هە یە، پارەیەکی بێ حساب لە وەزارەتی ڕۆشنبیری لەپرۆژەی بێ بەرهەم ودووبارە سەرف دەکرێن، من بەهەقی دەزانم زۆرترین پارە بۆ کلتورو هۆشیاری سەرف بکرێ بەلام بەر هەمی پوخت وپڕ لە ئێستاتیکاو داهێنان ونوێ پێشکەش بکرێ، لەزۆر شوێنی تریش دەچێتە گیرفانی تەنها هەندێک کەس کە سودیان بۆبەرژەوەندی گشتی نیە، کەچی حکومەت پارەی تفەنگی نیە بۆ کارمەندەکانی خۆی.
لێپرسراوانی حکومەت بەهاکەیان لەوە دایە لەناوکۆمەلگە بەرژەوەندی نەتەوەییان لامەبەست بێت نەک بەرژەوەندی کەسی وناوبانگ بۆ خۆ پەیداکردن، کاتێک پەیوەندی لێپرسراوان وخەلک وەکووباوک ومنالەکانیان بێت وسۆزوخۆشەویستی وهاو خەمیان بەسەر دا ببارێنێ، ئەوکا ت ئەوانیش لە بەرامبەردا خۆشیان دەوێ ولە کاتی پێویست دا بە سەرومال ئامادە باشی دەر دەبڕن ودەبنە جێگەی باوەڕی یەکتر.
لە کوردستان بووم برادەرێکم بینی گوووتم: خەریکی چیت؟ لەوەلامدا گووتی: بومەتە ئاسایش بەلام تفەنگ لەسەر خۆمانە، گووتم بۆ؟ گووتی قرارەکە ئاوایە، دوای ماوەیەک گەڕامەوە بۆئەوروپا لەگەل برادەرێک لە بریتانیا بە تەلەفۆن قسەو باسمان سەبارەت بە وەزعی کوردستان کرد، ئەنجام گووتی: برایەکی منیش بۆ تە پێشمەرگە پێیان گووتوە دەبێ بۆ خۆت تفەنگ بکڕی ئەویش زەنگی بۆ من لێدا کەپارەی تفەنگەکی بۆ بنێرم، منێش پێم گووت: براگیان تۆ ئامادەی ڕۆحی خۆتیان پێ بدەی کەچی ئەوان تفەنگەکت بۆ ناکڕن بۆ پارێزگاری کردن وواجب گرتن ئەو هەمووپارەیەی داهاتی کوردستان پێم نالی ی چی لێ دێ؟.

ئەلمانیا/

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.